# کۆمیتەی دیفاع لە کرێکارانی هەفت تەپە، مەوجودییەتی خۆی ڕاگەیاند

ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی ١٠ی خاکەلێوەی ١٣٨٨ی هەتاوی، کۆمیتەی دیفاع لە کرێکارانی هەفت تەپە دەست بە کار بونی خۆی ڕاگەیاند. لە یە کە م ڕاگەیاندنی ئەو کۆمیتەیەدا، وێڕای داکۆکی لەسەر چلۆنایەتی پێکهاتنی سەندیکای سەربەخۆی کرێکارانی نەیشەکەری هەفت تەپە و هەروەها ئاماژە بە ڕیزی ئەو خزمەتگوزاریانەی کە لەو ماوە کورتەی تەمەنی دا پێشکەشی کردووە و بەرزنرخاندنیان، بەمجۆرە نووسراوە: لە نیوەی دووهەمی ساڵی ١٣٨٧دا نوێنەرانی کرێکارانی هەفت تەپە، چەندین جار کەوتنە بەر لێشاوی هەڕەشە و دەستبەرسەر و دادگایی کران و مانگی ڕەشەمەی ٨٧ سەرلەنوێ حەوت کەس لە ئەندامانی هەیئەت مودیرەی سەندیکا، بەڕێزان "فەرەیدوونی نیکووفەرد" ، " جەلیلی ئەحمەدی" ، " نەجاتی دێهلی" ، "ڕەزای ڕەخشان" ، "قوربانی عەلیپوور" ، "محمدی حەیدەری مێهر" و "ڕەحیمی بوسحاق"، دەستبەسەرکران و کەوتنە ژێر گوشارەوە و دواتریش بە قەراری وەسیقە ئازاد کران، هەروەها چەندین حوکمیش لە دژی نوێنەرانی کرێکاران دەرچووە و عەلی نەجاتی سەرۆکی هەیئەت مودیرەی سەندیکاش لە ١٨ی ڕەشەمەوە تا ئێستا لەشوێنێکی نادیار دەستبەرسەرە.

لەبەشێك لەو ئاگادارییە دا کرێکاران لەوە ئاگادار دەکرێنەوە کە پلانێك بۆ داخستنی کارخانە و بەشی کشت وکاڵی هەفت تەپە و سەرەنجام بێکار کردنی چوار هەزار کرێکاری ئەو ناوەندە لە ئارادایە. هەروەها قامك خراوەتە سەر یەکێك لە تەوەرە موشکل سازەکانی کۆمەڵگەی کرێکاری لە ئێران، کە بڕێتیە لە کارێگەرییە مەترسیدارەکانی قەیرانی نیزامی سەرمایەداری بۆ سەر بارودۆخی پیشەیی و ژیان و گوزەرانی کرێکاران و بنەماڵەکانیان. نووسەرانی ئاگادارییەکە بەمجۆرە و بەدروستی کردەوەکانی زەخت و گوشار بۆ سەر هەڵسوڕاوانی کرێکاری و ڕێبەرانی سەندیکایان لە چوارچێوەی بارودۆخی نیزامی سەرمایەداری لە ئێران و جیهاندا گونجاندووە و جەختیان کردۆتەوە لە هەل و مەرجێکی ئەوتۆدا پێویستی هاوپشتی و هاوخەباتی کرێکاران هەرچی زیاتر هەستی پێدەکرێت. ئەوان ڕوو بە کرێکاران نووسیویانە:

"پشتگیری و پشتیوانی لە کرێکارانی هەفت تەپە، پشتیوانی لە خۆمانە"

نووسەرانی ئاگادارییەکە، لەکۆتایی دا هەرچەشنە کردەوەیەکی سەرکوتگەرانەیان مەحکووم و خوازیاری کۆتایی هێنان بە سەرکوت و ئازاد بوونی دەست بەجێی "عەلی نەجاتی" سەرۆکی هەیئەت مودیرەی سەندیکا بوون. ئەوان بەڵێنییان داوە کە بەهەموو هەل و تواناوە لەپێناو گەیشتن بە مافە ڕەواکانی کرێکارانی هەفت تەپە و کۆتایی هێنان بە هەرچەشنە ترس و وەحشەت و پیلانگێڕییەك تێبکۆشن.

لەکۆتایی ئاگادارییەکەدا هاتووە:

"ئێمە لەسەرجەم ئینسانە شەریف و ئازادیخوازەکان، کرێکاران، ژنان، موعەلیمان، نووسەران، کۆڕوکۆمەڵ و ڕێکخراوەکان، هەڵسوڕاوانی کرێکاری و کۆمەڵایەتی و دانشجویان، داوادەکەین کە لە ڕێگای بەئەندام بوون، پشتگیری و بەشداری لەم حەرەکەتە ئینسانی و چینایەتیەدا، پشتیوانی خۆیان لەکرێکارانی نەیشەکەری هەفت تەپە دەربڕن."

ڕاگەیاندرانی پیکهاتنی "کۆمیتەی دیفاع لە کرێکارانی هەفت تەپە" هەنگاوێکی خەباتکارانەی گرینگە لە پێناو دیفاع لە کرێکارانی هەفت تەپە و ڕێبەرانی سەندێکاکەیان. ئەم "کۆمیتەیە..." هاوکات دەتوانێت لەسەر بەهێزتر بوونی گشتیەتی بزوتنەوەی کرێکاری کاریگەری بەرچاوی هەبێت. بۆنموونە: ئەزموونی کۆمیتەی دیفاع لە "مەحمودی ساڵحی" بەڵگەی حاشا هەڵنەگری ئەم ئیدیعایەیە. هەر بۆیە پێویستە تەواوی کرێکاران، لە کرێکارانی نەوتەوە بگرە هەتا کرێکارانی باقی بەشەکانی تر، بەشێوەیەکی گشتی و یەکپارچە، پشتیوانی لێبڕاوانەی خۆیان لەم کۆمیتەیە ڕابگەیەنن.

***